**دەستەی دەسپاکی**

**ژمارە: ١٣٣ لە ٢٠٢٥/١٠/٢٩**

پاڵپشت بە حوکمەکانی خاڵی (٧) لە بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (دوازدەم)، وە بڕگەی (پازدەم) لە ماددەی (پێنجەم)، وە بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (بیست وچوارەم) لە یاسای دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**ڕێساکانی ڕەفتاری پیشەیی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

## بەشی یەکەم

## پێناسە وئامانجەکان وپرەنسیپە گشتییەکان

**ماددەی (١): پیناسەکان:**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریەتی:

١- **هەرێم:** هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

٢- **ڕێکخراوی ناحکومی:** کۆمەڵێك کەسی ئاسایی، یان مەعنەویی، خاوەن کەسایەتیەکی مەعنەوییە و، هەوڵ بۆ بەجێگەیاندنی ئامانج دەدات، کە دابەش کردنی قازانجی تێدا نییە.

٣- **کارمەندی ڕێکخراو:** بریتیە لە سەرۆک و ئەندامانی ڕێکخراو و هەر کەسێک کارێکی پێ سپێردرابێت لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان.

٤- **گەندەڵی:** خراپ بەکارهێنانی ناو و دەسەڵاتی پێ سپێدراو و داهاتەکانی ڕێکخراوی ناحکومی لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی یان کەسێکی تر.

٥- **هاودژبوونی بەرژەوەندییەکان:** بریتیە لەو دۆخەی کە کارمەندی ڕێکخراوی ناحکومی تێیدا دوچاری دوو بەرژەوەندی دەبێتەوە یەکیان تایبەت و ئەویتریان گشتییە.

**ماددەی (٢): ئامانجەکان:**

١- بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان و شەفاف بوونیان و باشتر ئەنجامدانی کاری ڕێکخراوەیی وبەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی.

٢- فراونکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئەوەی بەشدارییەکی کارا لە هاوپەیمانێتی نیشتیمانی نەهێشتنی گەندەڵی بکەن.

٣- بێلایەنکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئەوەی دوو لە ئەجێندای حیزبی دیاریکراو خزمەتی کۆمەڵگەی کوردستان بکەن.

**ماددەی (٣): پرنسیپە گشتیەکانی کارکردن لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان:**

١- بەدیهێنانی ئامانجی ڕێکخراوەکە.

٢- ڕیزگرتنی یاسا.

٣- ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ.
٤- دەسپاکی.
٥- شەفافیەت.
٦- یەکسانی.
٧- دادپەروەری.
٨- دڵسۆزی.
٩- بابەتیبوون وپیشەیی
١٠- ڕاستگۆیی.
١١- بێلایەنی.
١٢- لێپرسینەوە.
١٣- پابەندبوون.
١٤-کاری پێکەوەیی وخۆبەخشی

## بەشی دووەم
## ئەرک و مافی ڕێکخراوە ناحکومیەکان

**ماددەی (٤): ئەرکەکانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان:**

١- دەبێت ئامانج ودروشم وستراتیژی کارکردنی ڕێکخراو ڕوون و ئاشکرا بێت و لە پێناو خزمەتکردنی هاونیشتیمانیانی هەرێم دا بێت بە لە بەرچاو گرتنی بنەماکانی دیموکراسی وپەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ.
٢- ڕێکخراوی ناحکومی دەبێت پابەندبێت بە هەبوونی ئەو تۆمارانەی کە لە یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١ ئاماژە پێکراوە.
٣- ڕێکخراوی ناحکومی دەبێت پابەند بێت بە پەیڕەوی ناوخۆیی.
٤- ڕێکخراوی ناحکومی نابێت کاری بازرگانی ئەنجام بدات وبەدوای سوودی ماددی بگەڕێ تەنها لە چوارچێوەی بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا نەبێت.
٥- ڕێکخراوی ناحکومی نابێت جیاکاری بکات لە نێوان تاکەکانی هەرێم بە هەر بیانوویەک بێت.
٦- ڕێکخراوی ناحکومی دەبێت سەرچاوەی داهاتەکەی ڕوون و یاسایی بێت.
٧- چالاکیەکانی ڕێکخراو دەبێت بگونجێت لەگەڵ ئەو ئامانجەی کە بۆی دامەزراوە.
٨- ڕێکخراوی ناحکومی دەبێت ڕێز لە ئاینەکانی هاووڵاتیانی هەرێم و داب و نەریتی گشتی بگرێت.
٩- ڕێکخراوی ناحکومی هەوڵبدات خۆی بگونجێنیت لەگەڵ پێشکەوتنە دیجیتاڵی وئەلیکترۆنیەکاندا.
١٠-ڕێکخراوی ناحکومی دەبێت دوور کەوێتەوە لە هەر تاوانێکی گەندەڵی وەک سپیکردنەوەی پارە و تاوانەکانی تر.

**ماددەی (٥): مافەکانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان:**

١- ڕێکخراوی ناحکومی دەتوانێت هەموو جۆرە کاروو چالاکیە یاساییەکانی خۆی بە ئازادی ئەنجام بدات بەبێ جیاکاری بۆبەدیهێنانی ئەو ئامانجەی بۆی دامەزراوە.

٢- ڕێکخراوی ناحکومی بۆی هەیە ماڵ و موڵکی گوێزراوە و نە گوێزراوەی هەبێت بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکەی.

٣- ڕێکخراوە ناحکومیەکان مافی وەرگرتنی فەندیان هەیە بەپێی یاساو ڕێنماییە بەرکارەکان.

٤- ڕێکخراوە ناحکومیەکان مافیان هەیە لە دەرەوەی هەرێم لقیان هەبێت.

٥- دوو ڕێکخراوی تۆمارکراو یان زیاتر مافی دامەزراندنی تۆڕی ڕێکخراویان هەیە.

٦- ڕێکخراوە ناحکومیەکان مافیان هەیە بودجەی پێویستیان بۆ دیاری بکرێت لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە بەپێی توانا و پڕۆژە و چالاکیەکانیان.

٧- بەخشین لە باج و ڕەسمی گومرگی.

٨- فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ودامەزراوەکانی تری حکومەتی هەرێم ئاسانکاری بۆ ڕێکخراوەکان بکەن بۆ ئەنجامدانی کارو چالاکیەکانیان.

٩- هەر مافێکی تر کەوا لە یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان هاتبێت.

## بەشی سێیەم

## ڕەوشتەکانی کارکردن لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان

**ماددەی (٦): ڕەوشتەکانی کارمەند لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی:**

١- کارمەند دەبێت کار بۆ ئەو ئامانجە بکات کە ڕێکخراو بۆی دامەزراوە.

٢- کارمەند دەبێت ئاسانکاری بکات بۆ دەزگاکانی چاودێری لە کاتی ووردبینی لە دۆسیاکانیان دا.

٣- کارمەند دەبێت هەر داوا و سکاڵایەک وەربگرێت کە پێشکەشی دەکرێت لە لایەن هاووڵاتیانەوە وەدەبێت وەڵامی سکاڵاکان بدرێتەوە.

٤- کارمەند دەبێت خودی خۆی کارەکە ڕابپەڕێنێت لەکات و شوێنی دیاریکراو بە شیوەیەکی خێرا و بەو شێوەی کە بۆی دیاریکراوە لە پەیڕەوی ناوخۆیی.

٥- کارمەند دەبێت پابەندبێت بە مەرجەکانی سەلامەتی لە شوێنی کارەکەی.

٦- کارمەند دەبێت بە دڵسۆزی بمێنێنەوە و وابەستەبێت بە دەستورو یاسا و پەیڕەو وڕینماییە کارپێکراوەکان.

**ماددەی (٧): ڕەوشتەکانی پەیوەندی نێوان کارمەندانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان:**

**یەکەم:** ڕەوشتی کارمەند لەگەڵ بەرپرس و هاوپیشەکانی:

١- کارمەند دەبێت ڕێز لە بەرپرسەکەی بگرێت.

٢- کارمەند دەبێت گوێڕایەڵی بڕیارەکانی سەرووی خۆی بێت بە پێی ڕیزبەندی کارگێری بە مەرجێک پێچەوانەی یاساو پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان نەبێت.

٣- کارمەند دەبێت هەماهەنگی بکات لەگەڵ بەرپرس و هاوکارەکانی بۆ دۆزینەوەی چارەسەری پەسەند بۆ کێشەکان.

٤- کارمەند دەبێت دوور بکەوێتەوە لە دروستکردنی تەنگەژەو بەکارهێنانی توندو تیژی.

٥- کارمەند نابێت زانیاری کەسی و خێزانی بەرپرس و هاوپیشەکانی خراپ بەکار بهێنێت بۆ زیان گەیاندن پێیان.

**دووەم:** ڕەوشتەکانی بەرپرسی کارگێڕی:

١- دەبێت نموونە بێت بۆ ئەوەی چاوی لێ بکرێت .

٢- دەبێت توانا و بەهرەی ئەو کارمەندانە بەرەو پێش بەرێت کە ئەو بەرپرسیانە.

٣- نابێت جیاکاری بکات لە نێوان کارمەندانی و دەبێت یەکسان و دادپەروەر بێت.

٤- دەبێت هەڵسەنگاندنی بابەتیانە بکات بۆ کارمەندانی.

٥- نابێت تۆڵە لەو کارمەندانە بسەنێت کە تانەیان لە بڕیارەکانی داوە.

٦- دەبێت کەشێکی لەبار برەخسێنێت بۆ کارمەندانی و دوور بکەوێتەوە لە توندوتیژی.

**ماددەی (٨): ڕەوشتەکانی کارمەند لەگەڵ سودمەندبووان لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومیەکان:**

١- پێشکەش کردنی ئەو خزمەتگوزارییەی کە پێویستە پێشکەش بکرێت بە شێوەیەکی کارامەیی و لێهاتوویی.

٢- کارمەند خۆی تەرخان دەکات بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکانەی کە لەلایەن ڕێکخراوەکە پێی سپێردراوە.

٣- کارمەند دەبێت دووربکەوێتەوە لە زیان گەیاندن بە سوودمەند بووان لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان.

٤- کارمەند دەبێت گرنگیەکی تایبەت بە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان بدات.

٥- کارمەند نابێت ئەو زانیاریە کەسی و خێزانیانەی سوودمەندبووان دزە پێبکات کە لە کارەکەی دەستی دەکەوێ بۆ ئامانجێکی ناڕەوا.

٦- کارمەند نابێت جیاکاری بکات لەنێوان سوودمەند بووان و دەبێت بەشێوەیەکی یەکسان مامەڵەیان لەگەڵ بکات.

**ماددەی (٩): چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ زانیاریەکان:**

١- بنچینەی کارکردن لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان شەفاف بوونە.

٢- نابێت هیچ کارێک یان زانیاریەک بەنهێنی دابنرێت تەنها ئەو بابەتانە نەبێت کە دەقی تایبەتیان لەسەر هاتووە بەپێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان.

٣-نابێت هیچ بەڵگەنامەیەک و دۆسیەیەک بە نهێنی دابنرێت تەنها بە دەقی یاسایی نەبێت.

٤- کارمەند دەبێت پابەند بێت بە ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار لەسەر هەر تاوانێک کە ئەنجام دەدرێت لەناویان تاوانەکانی گەندەڵی.

٥- کارمەند نابێت ئەو زانیاریانەی کە دەستی دەکەوێت خراپ بەکاری بهێنێت.

٦- کارمەند نابێت ڕێگری بکات لە بڵاوکردنەوەی هەر زانیاریەک کە پێویستە بڵاو بکرێتەوە.

٧- کارمەند دەبێت ئەو زانیاریانەی کە پێویستە هەڵیبگرێت بە شێوەیەک بیانپارێزێت کە بتواندرێت دووبارە بەکار بهێنرێتەوە.

**ماددەی (١٠): هاودژبوونی بەرژەوەندیەکان:**

١- کارمەند کاتێک دووچاری هاودژبوونی بەرژەوەندییەکان دەبێتەوە دەبێت بەرپرسی ڕاستەوخۆی لێ ئاگادار بکاتەوە.

٢- کارمەند پێش دەست بەکاربوونی لە کارەکەی بەرپرسی ڕاستەوخۆی ئاگادار بکاتەوە لە هەبوونی دژیەکی بەرژەوەندیەکان.

٣- کارمەند دەبێت خۆی بەدوور بگرێت لە هەر کارێک مەترسی دژیەکی بەرژەوەندیەکان دروست بکات.

**ماددەی (١١): چالاکی حیزبی:**

١- کارمەند نابێت چالاکی حیزبی ئەنجام بدات لەکاتی ئەنجامدانی کاری ڕێکخراوەیی لە شوێنی کارەکەی.

٢- کارمەند دەبێت کارەکەی ئەنجام بدات بەبێ لایەنی.

٣- کارمەند نابێت شوێنی کارەکەی یان چالاکییە ڕێکخراوەیەکانی هەڵبقۆزێتەوە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن و پاڵپشتی کردنی لایەنێکی سیاسی دیاریکراو.

**ماددەی (١٢): وەرگرتنی دیاری:**

١- کارمەندی ڕێکخراوە ناحکومیەکان نابێت کارە ڕێکخراوەیەکەی هەڵبقۆزێتەوە بۆ بەرژەوەندی ناڕەوای خۆی و خێزانی.

٢- کارمەندی ڕێکخراو نابێت ڕازی بێت بە هیچ جۆرێک لە وەرگرتنی دیاری، جا ئەو دیاریە پارەبێت یان میوانداری یان گەشتکردن کە ببێتە هۆی دروست بوونی کاریگەری لەسەر کارو بڕیارەکانی ڕێکخراو.

٣- هەر بڕە پارەیەک یان دیاریەک کەوا ڕێکخراو یان کارمەندەکانی وەریدەگرن پێویستە لە ڕاپۆرتی دارایی ساڵانە ئاماژەی پێبدرێت بە دیاریکردنی بڕو لایەنەکە.

**ماددەی (١٣): ڕەوشتەکانی بەڕێوەبردنی موڵک و ماڵی ڕێکخراوە ناحکومیەکان:**

١- کارمەند پێویستە ئەو موڵک و ماڵەی لەژێر دەستیتی لە ڕێکخراودا بیپارێزێت.

٢- کارمەند نابێت ئەو موڵک و ماڵەی لەژێر دەستیاندایە خراپ بەکاریان بهێنێت.

٣- کارمەند دەبێت ئەو موڵک و ماڵەی لەژێر دەستی دایە بەو شێوەیەی بۆی دیاریکراوە بەکاریان بهێنێت.

٤- لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی ئارەزوومەندانەی ڕێکخراو موڵک وماڵەکەی دەدرێت بە ڕێکخراوێکی تری هاوشێوەی لە ئامانج، بەپێی یاسا بەرکارەکان.

**ماددەی (١٤): پارێزگاری کردن لە شکۆمەندی پیشەیی:**

١- پێویستە کارمەند بەها سەرەکیە کۆمەڵایەتیەکان بپارێزێت و پارێزگاری لە شکۆمەندی پیشەکەی بکات.

٢- پێویستە کارمەند لەکاتی بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی پابەندی ڕێک پۆشی بێت.

٣- دوور کەوتنەوە لە هەموو شێوازەکانی فشار وگێچەلی سیکسی.

**ماددەی (١٥): ئەرکەکانی ڕێکخراو بەرامبەر کارمەندانی:**

١- ڕێکخراو گرەنتی ئەو مافانە دەدات کەوا لە یاساو ڕێنماییە بەرکارەکان و پەیڕەوی ناوخۆیی ڕێکخراو وگرێبەست دیاریکراون.

٢- دەبێت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ کارمەندانی بکات و کەشێکی ئارام و تەندروستی کارکردن بڕەخسێنێت.

٣- دەبێت کارمەندانی هان بدات بۆ داهێنان.

٤- دەبێت کارمەندانی هان بدات بۆ زاڵ بوون بەسەر بەربەستەکان.

٥- دەبێت پێیان ڕابگەیەنرێت کە پابەند بوون بە بنەمای ڕەوشتەکان تەکنیکی بنەڕەتی کارکردنە.

٦- بایەخدان بە بەرزکردنەوەی کواڵیتی کارکردن لەڕێی کردنەوەی خولی بەردەوامی ڕاهێنان بۆ کارمەندانی.

٧- فەراهەمکردنی ژینگەیەکی کارکردنی تەندروست بۆ کارمەندی ڕێکخراو.

٨- پەیوەندی نێوان ڕێکخراو و کارمەند ڕێکدەخرێت لە ڕێگەی گرێبەستێکەوە، و دەبێت دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ دابین بکرێت.

## بەشی چوارەم

## حوکمە گشتی و کۆتاییەکان

**ماددەی (١٦): جێبەجێکردنی ڕێنمایی:**

١- ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت بەسەر ڕێکخراوە ناحکومیەکان و کارمەندانی.

٢-لەکاتی سەرپێچی کردنی ئەم ڕێنماییە، یاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١ وپەیڕەوی ناوخۆیی ڕێکخراوەکە جێبەجێ دەکرێت.

٣- لە کاتی پێویست، فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان هەڵدەستێت بە ڕاڤەکردن و ئەنجامدانی سمینار بۆ ڕێکخراوەکان بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی بەندەکانی ئەم ڕێنماییە بۆ کارمەندانی ڕێکخراوەکان.

٤-کارمەندانی ڕێکخراو پابەندن بە خوێندنەوەی ئەم ڕێنماییە وجێ بەجێکردنی.

**ماددەی (١٧): بەرکاربوونی ڕێنمایی:**

ئەم ڕێنماییە بەرکار دەبێت لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**هۆکاری دەرچوواندن**

لەبەر گرنگی کاری ڕێکخراوەیی لە هەرێمی کوردستان، وبە مەبەستی دانانی چوارچێوەیەکی دیاریکراوی رەفتاریی بۆ کارمەندانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان، وبڵاوکردنەوەی چەمکی دەسپاکی و ڕوو بەڕوو بوونەوەی گەندەڵی لەنێو کاری ڕێکخراوەیی کۆمەڵی مەدەنی بە پشت بەستن بە ئامانجەکانی ستراتیژی نیشتمانی ڕوو بەڕوو بوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان (٢٠٢١-٢٠٢٥)، ئەم ڕێنماییە دەرچوێندرا.

**د. احمد انور محمد**
**سەرۆکی دەستەی دەسپاکی**
**لە هەرێمی کوردستان - عێراق**